# کاک سەلام کێ دوو ڕووە؟

کەیهان عەزیز
kayhanaziz@maktoob.com

ئەوە جار ونیوێکە ڕەخنەم (نەک بەشێوەیەکی زۆر نزم و دوو ڕوویانە) لە سەلام عەبدوڵا گرتووە. نیوەکەیانم ئەو کاتەبوو کە لە سەر سووتانی ئاڵای توورکیە، یەکێتی پرۆتێستکەرانی بەگێرەشێوێن و پارتیش بە بێئەخلاقی لەقەڵەمدابوون.لەوکاتەدا بۆ من سەیر بووکە سەلام بەزمانی ڕێز لەگەڵ ئەو لێپرسراوانەی کە ئەو خەڵکەیان بە بێئەخلاق لەقەڵەم دابوو دەدوا!...کە ئەمە نەک ئەوسا بگرە هەڵوێستی ئەمڕۆشمە. ئێستاش دەیڵێمەوە تۆیەک کە لەنوسینەکانتدا بۆ سەر مەزهەب بەگشتی و ئیسلام بەتایبەتی پەنا بۆ هەموو زمان ولۆژیک ونالۆژیکێک دەبەیت و دریغیت نەکردووە!، ئەوە چۆن کەبەرانبەر لێپرسراوانێک ،کەخەڵکیان بە بێڕەوشت زانی بوو بەو زمانە دەپەیڤیت؟!.

دووەمیان ،ڕۆژی 1_3_2004 لەتێبینی ووتارێکمدا کە ئاراستەی مهاباد قەرەداغیم کردبوو، سەبارەت بەکێشەکەی شەیما نووسیبووم {من نازانم کاک سەلام عەبدوڵاش گوایە ووتاری لە بەرگری شەیمادا نووسیووە!..کەچی لەبەکارهێنانی ناوی شەیما (بۆ تیتری ووتارەکە)ی لێدەرچێت تا زۆرترین کەس کلیکی بکات، دەنا بەداخەوە نوسینەکەی ئەو لەتونێلێک و کارەساتەکەی شەیماش لە تونێلەکەی دەربەندا گیری خواردبوو!}. من لە خوێنەران و کاک سەلام دەپرسم: ئەم دووجارەی لێدەرب‌چێت کەی و لەکوێدا هێرشم کردۆتە سەر جەنابی؟ یاخود لەم کاتەدا تۆیش دەتەوێت کۆمەک وخزمەتێک بە (باسەرە) بکەیت.... ؟!.

گەر مەبەستی خەنجەر لەپشتەوە وەشاندنت!،باسکردنی مەسەلەی زەوی وەرگرتنی نووسەران بێت، ئەوا کاتی خۆیشی پێم گووتبویت: گەر مەرجی هەڕاجکردنی قەڵەم وسانسۆری ئۆتۆماتیکانەی تیا نەبێت (کە ئەمە بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان مەحاڵە) ئەوا بۆچی نا؟. بگرە بریا عەدالەتی کۆمەڵایەتی پارتی و یەکێتی لەو ئاستە بایە کە ئاوورێکی ڕاستەقینەیان لە نووسەرانی سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێست بدابایەوە، نەوەک دەستیان بۆ تیرۆری کەسایەتی قەڵەمە ڕاستگۆکان ببردایە. وەلێ، کەنگێ عەدالەتی ئەوان لە کڕینی نووسەر و قەڵەمەهەڕاجکراوەکان زیاترتێپەری کردووە؟.

دە نا کاک سەلام بۆ من پێمخۆش نەبێت زەوی وەرگریت؟.

سەبارەت بەو پرسیارەشت: (کێ مارکسییەک یا چەپێکی بینیووە پرۆپاگەندە بۆ نووسینی فاشیستەکان (مارتن هایدگەر) بکات؟ دەڵێم: ووتەکەی هایدگەری فاشیستیشم {کۆمەڵگا بە ئیسلامکراوەکان، درەنگهاتووەکانی مێژوویەکن، کە بەخێرایی بەرە و پایانی خۆی دەڕوات} لە تیتر و بەرگریە کۆمۆنیستانەکەی تۆ (لەمەڕ کێشەکەی شەیما) لا پەسەندترە!.

Den-Bosch ,7-03-2004